**ڕۆژاوای کوردستان لەنێوان ئامانج و ئامرازدا؛ کەی ئامراز دەبێتە مەترسی لەسەر ئامانج**

سلێمان مستەفا حەسەن

پرسی کورد لە ڕۆژاوا لە ماوەی کەمتر لە پازدە ساڵدا، قۆناغە جیاوازەکانی بەرخۆدان و خۆڕێکخستن و خەباتی سیاسیی تێپەڕاندووە. ئەزموونی یەکینەکانی ژنان و هەسەدە لە بەرگری و خۆپارێزیدا لە دژی داعش، پاشان ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتی سووریا، گفتوگۆی فرەلایەنە و بەدەستهێنانی پێگەی سیاسی، هەموویان بەشێک بوون لەو ڕێڕەوە. لە ئێستادا، کە ڕۆژاوا بەرەو قۆناغی گفتوگۆ و ڕێککەوتنی سیاسی دەچێت، بۆ تێگەیشتن لەو گۆڕانکارییە نابێت تەنیا سەرپێییانە ڕووداوەکان ببینین، پێویستە بزانین ئامانج چییە و ئامراز چییە، و کەی ئامراز دەتوانێت ببێتە مەترسی لەسەر ئامانج.

لە ساڵانی جەنگی ناوخۆیی سووریا و سەرهەڵدانی داعشدا، هێزی شەڕڤانان بۆ بەرگری و پاراستنی خەڵک و ناوچەکانی ژێردەستی هەسەدە و یەپەژە، ئامرازێکی گرنگ بوو. بەڵام لە تێڕوانینێکی سیاسیی پێگەیشتوودا، چەک نابێت ببێتە ئامانج. چەک کەرەستەیە بۆ پاراستن و بەدەستهێنانی ئامانجێکی سیاسی. ئەگەر لە قۆناغێکدا بەردەوامبوون لە شەڕ ببێتە هۆی لەدەستدانی ئەو ماف و ئازادی و ناسنامەیەی کە خەباتی بۆ دەکرێت، ئەوا پێویستە ئامرازەکە بگۆڕدرێت.

ئەم پرسیارە لە ئێستادا لەبارەی جەنەراڵ مەزلووم عەبدی و هەسەدە و داهاتووی ڕۆژاواوە گرنگییەکی تایبەتیی هەیە. مەزلووم عەبدی زیاتر وەکوو فەرماندەیەکی سەربازیی دژی داعش ناسراوە، بەڵام پرسیاری گرنگی قۆناغی نوێ ئەوەیە، کە ئایا دەتوانێت هەمان ئامانجەکان بە ئامرازێکی جیاواز بپارێزێت؟

ئەم گۆڕانە نابێت بە ئاسانی بە مانای شکست، یان خۆبەدەستەوەدان بخوێندرێتەوە. لە سیاسەتدا ڕێککەوتن خۆی نە سەرکەوتنە و نە شکستە، بەڵکوو ئامرازە. بەهای ڕێککەوتن بەوە دیاری دەکرێت، کە چی دەپارێزێت و چی بەدەست دەهێنێت. ئەگەر ڕێککەوتن بتوانێت مافی زمانی کوردی و ناسنامە و بەشداریی سیاسی و پەروەردە و مافە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بپارێزێت و کورد بکاتە بەشێکی کاریگەر لە بنیاتنانی داهاتووی سووریادا، ئەوا دەتوانێت ئامرازێکی سیاسیی کارا بێت. بەڵام ئەگەر تەنیا بۆ کۆتاییهێنان بە هێزی چەکدار و هەڵوەشاندنەوەی هەسەدە بێت، بەبێ ئەوەی مافەکان بە ڕوونی بپارێزرێن، ئەوا مەترسییەکەی زۆر گەورەیە.

لە مێژووی خەباتی نەتەوەکاندا، نموونەی گۆڕینی ئامراز زۆرن. ئەزموونی غاندی هێزی جەماوەر و خەباتی ئاشتیخوازانە و ڕەوایەتیی ئەخلاقیی کردە بنەمای خەبات. ماندێلاش لە قۆناغی گواستنەوەی سیاسیدا، لێبوردەیی و گفتوگۆ و سازانی سیاسیی کردە ئامرازێکی سەرەکی بۆ دەرچوون لە بازنەی شەڕ. لەم چوارچێوەیەدا، بانگەوازی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ پرۆسەی

ئینتێگراسیۆن و کۆمەڵگەی دیموکرات، گۆڕینی شێوازی خەباتی چەکداری و دانانی چەک و هەڵوەشاندنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان، دەتوانێت وەکوو بەشێک لە گۆڕانی ئامرازەکانی خەبات بخوێندرێتەوە. هەروەها، بەپێی ئەزموونی ڕابردوو، ناتوانرێت ئەزموونی ڕۆژاڤا بە تەواوی لە کاریگەریی پارتی کرێکاران و باکووری کوردستان جیا بکرێتەوە، لەوبارەییەوە دکتۆر بورهان یاسین سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەزموونی ڕۆژاڤا دەبەستێتەوە بە قەندیل.

خاڵی گرنگ ئەوەیە؛ ئامانج دەتوانێت بە جێگیری بمێنێتەوە، بەڵام ئامراز دەبێت لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخدا بگۆڕێت.

بۆیە کاتێک دەوترێت ڕۆژاڤای دەبێت لە هێزی چەکەوە بەرەو هێزی نەرم بڕوات، مەبەست ئەوە نییە، کە کورد دەست لە خەبات و بەرخودان هەڵبگرێت. بە پێچەوانەوە، مەبەست گۆڕینی شێوازی خەباتە. هێز تەنیا چەک و شەڕڤان نییە، یاسا و دەستوور و دیپلۆماسی و ڕەوایی و زانست و پەروەردە و زمان، کولتوور و ڕاگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئابووری و یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی و کۆدەنگیی حیزبەکان و پرۆژەی نیشتیمانی هەموویان دەتوانن ببنە سەرچاوەی هێز.

لە قۆناغی نوێدا، کورد لە ڕۆژاڤا پێویستی بە هێزی ئاشتی و  هێزی ماف و هێزی یاسا و هێزی ڕەوایی و هێزی دیپلۆماسی و هێزی زمان و کولتوور وهتد لە هەموویان گرنگتر، هێزی یەکبوون هەیە. ئەم هێزانە نابێت تەنیا جێگرەوەیەکی کاتیی بۆ چەک بن، دەبێت ببنە بنەمای ستراتیجییەکی درێژخایەن.

بەڵام بۆ تێگەیشتن لەو گۆڕانکارییانە، تەنیا لێکدانەوەی ناوخۆیی بەس نییە. ڕۆژاڤا لەناو سیستەمێکی ئاڵۆزی ناوچەیی و جیهانیدا بووە و سووریاش لە قۆناغی ڕاگوزەردایە. تورکیا و ئەمریکا و ڕووسیا و ئێران و ئیسرائیل و دەسەڵاتی دیمەشق هەریەکەیان بەرژەوەندی و هەژموونی خۆیان هەیە. بۆیە هەر گۆڕانێک لە دۆخی ڕۆژاڤادا دەبێت لە چوارچێوەی ئەو ململانێیەدا بخوێندرێتەوە. نابێت لە شیکارییەکاندا، تەنیا ئارەزوو ببینین و فاکتەکان پشتگوێ بخەینز هەروەها نابێت هەڵەکانی ڕابردوو، لەوانە پەلەکردن لە شەڕی داعش، یان هەڵە لە ناسینی پێگەی لایەنە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان پشتگوێ بخرێن.

بە تایبەتی ڕووداوی حەوتی ئۆکتۆبەر دەتوانرێت وەکوو خاڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان دوو قۆناغی سیاسیی ناوچەکە سەیر بکرێت. دوای ئەو ڕووداوە، هاوسەنگیی هێز و پێشینەکانی ئاسایشی وڵاتە ناوچەیی و زلهێزەکان گۆڕانیان بەسەردا هات. جەنگی غەززە و پاشان پەرەسەندنی ئاڵۆزییەکان لە لوبنان و سووریا، هەریەکەیان کاریگەریی خۆی لەسەر هەژموون و بەرژەوەندییە ناوچەییەکان دانا.

لەو بارودۆخەدا، پرسی کورد لە سووریا ناتوانێت بە جیا لە پەیوەندییە ناوچەیی و جیهانییەکان لێک بدرێتەوە. تورکیا پرسی کورد بە بەشێک لە ئاسایشی نیشتیمانیی خۆی دەبینێت، ئەمریکا لە ڕۆژاڤای کوردستان بەرژەوەندییەکانی خۆی لە دژی داعش و هاوسەنگیی ناوچەکەدا هەیە و دەیەوێت سووریایەکی یەکگرتوو بکاتە جێگرەوەی بەرژەوەندیەکانی لە ناوچەکەدا، ڕووسیا و

ئێرانیش هەریەکەیان لە سووریا و ناوچەکەدا بەدوای هەژموون و بەرژەوەندیی خۆیان دەکەون. لەبەر ئەمە، هەر بڕیارێکی سیاسی لە لایەن مەزڵووم عەبدی و هەڤالانییەوە بدرێت، دەبێت لەگەڵ تێگەیشتنێکی ورد لە هاوسەنگیی ئەو هێزانە بێت.

لە هەمان کاتدا، پێویستە شێوازی خوێندنەوەی ڕووداوەکان لە میدیا و سۆشیال میدیاشدا بگۆڕێت. بەشی زۆری هەڵسەنگاندنەکان لە باشووری کوردستان بە پێوەری ڕەش و سپی دەکرێن و زۆرجار لە کاتی گۆڕانێکی سیاسی، پرسیاری سەرەکی دەبێتە (کێ بردییەوە؟) و (کێ دۆڕاندی؟). ئەم شێوازە ڕووداوە سیاسییە ئاڵۆزەکان دەکات و شیکارییەکان لە بنەمای زانستی دووردەخاتەوە.

بەڵام باشتر وایە پێش بڕیاردانی ئاکاری، مرۆڤ خۆی لەگەڵ پرسیارە بنەڕەتییەکان ڕووبەڕوو بکاتەوە: چی ڕوویدا؟ بۆچی ڕوویدا؟ چۆن ڕوویدا؟ بەرژەوەندی کێی تێدایە و کاریگەرییەکانی لەسەر داهاتوو چی دەبن؟ ئەم شێوازەی لێکدانەوە بە تایبەتی بۆ خۆهەڵوەشاندنەوەی هەسەدە و گواستنەوەی قۆناغی سیاسیی ڕۆژاڤا گرنگە، چونکە ئەگەر ڕووداوەکە تەنیا بە «بردنەوە» و «دۆڕان» لێک بدرێتەوە، بەشێکی زۆر لە مانای سیاسیی خۆی لەدەست دەدات.

لە هەمان پەیوەندییەدا، تێگەیشتن لە گۆڕانی هزری عەبدوڵلا ئۆجەلان و پەکەکەش گرنگە. هزری سیاسیی ئەم جولانەوەیەی (ئاپۆچی و تەڤگەر) لە دوای ١٩٩٩ەوە، گۆڕانکارییەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و لە تێڕوانینی سەرەتایی خۆیەوە بەرەو بابەتەکانی دیموکراسی و ژینگە و مافە کولتوورییەکان و بەشداریی ژنان و شێوازە نوێکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگە گواستراوەتەوە. بێ تێگەیشتن لەم گۆڕانە هزرییە، خوێندنەوەی هەنگاوە سیاسییە نوێکان زۆر قورس دەبێت.

لە هەمان کاتدا، نابێت ڕۆژاڤا لە بەرپرسیارییە ناوخۆییەکانی خۆی دوور بخرێتەوە. یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان پەرتەوازەیی هێزە سیاسییە کوردییەکان لە ڕۆژاڤا و پارچەکانی دیکەی کوردستان. ئەگەر ئامانج پاراستنی مافە نەتەوەییەکان و بەشداریی سیاسیی فراوان بێت، ئەوا پێویستە پرۆژەیەکی نیشتیمانیی هاوبەش هەبێت، کە بەرژەوەندیی گشتیی لەسەر بەرژەوەندیی لایەنە سیاسییەکان دابنێت.

ئەمەش دەمانباتەوە بۆ بنەمای سەرەکیی وتارەکە: ئامراز نابێت جێگەی ئامانج بگرێتەوە.

هەر خەباتێک کە ئامرازی خۆی دەکاتە ئامانج، لە مەترسییەکی گەورەدایە. ئەگەر بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، ئازادی لەدەست بدرێت، ئەگەر بۆ پاراستنی ماف، مافی کەسانی دیکە پێشێل بکرێت، ئەگەر بۆ پاراستنی ناسنامە، یەکڕیزیی کۆمەڵگە لەناو ببرێت، ئەوا ئامرازەکە بە هێواشی ئامانجەکەی خۆی دەخواتەوە.

لەبەر ئەوە، گۆڕینی ئامراز بە مانای گۆڕینی ئامانج نییە، بەڵکوو زۆرجار نیشانەی ئەوەیە، کە خەباتێک بە قۆناغی پێگەیشتوویی خۆی گەیشتووە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە ئامانج بە ڕوونی دیاری بکرێت، ئامراز لەگەڵ بارودۆخ بگونجێت و هەر ئامرازێک بە پێوەری ئامانج هەڵبسەنگێندرێت.

ڕۆژاڤا لە ماوەیەکی کورتدا، توانایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەرچاوی دروست کردووە و نابێت ئەو دەستکەوتانە بە کەم سەیر بکرێن. لە هەمان کاتدا، نابێت هیچ دەسەڵاتێکی داهاتوو بە تەواوی ڕەت بکرێتەوە، یان بە تەواوی متمانەی پێ بکرێت. پێوەری ڕاستەقینە ئەوەیە، کە لە کرداردا مافەکانی کورد، تاوەکوو چەندە دەپارێزێت.

هەروەها نابێت مۆدێلی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە یەک بەش بۆ بەشی دیکە بەبێ گوێدانە بارودۆخی تایبەتی هەر وڵاتێک کۆپی بکرێت. سروشتی پرسی کورد لە تورکیا و سووریا و عێراق و ئێران یەکسان نییە، سیستەمی سیاسی و جوگرافیا و ئابووری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مێژووی هەر یەکەیان جیاوازە، بۆیە ڕێگەی چارەسەرکردنیشیان دەبێت جیاواز بێت. بەڵام ئەزموونی گفتوگۆ و ئینتێگراسیۆنی کورد لە باکوور دەتوانێت لە خوێندنەوەی داهاتووی پرسی کورد لە بەشەکانی دیکە گرنگ بێت، بە تایبەتی لەسەر ڕۆژاڤا و باشوور.

لە کۆتاییدا، پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە، کە کورد چەک دادەنێت یان دانانێت، بەڵکوو ئەوەیە، کە کورد چۆن دەتوانێت ئامرازێکی کاریگەر بۆ پاراستنی ئامانجەکانی بدۆزێتەوە. ئەگەر بارودۆخی سیاسی گۆڕاوە، ئامرازیش دەبێت بگۆڕێت. ئەگەر هێزی چەکدار لە قۆناغێکدا ئامرازێکی پێویست بووە، هێزی یاسا و دیپلۆماسی و ڕەوایی و کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن لە قۆناغێکی دیکەدا کاریگەرییەکی گەورەتریان هەبێت.

بۆیە ئەوەی لە ئێستادا لە ڕۆژاڤا ڕوودەدات، پێویستی بە خوێندنەوەیەکی دوور لە هەست و سۆزداریی «بردنەوە و دۆڕاندن» هەیە. دەبێت ڕووداوەکان بە پێوەری بەرژەوەندیی گشتیی و ماف و ئازادی و یاسا و ئاشتی و داهاتووی کۆمەڵگە هەڵبسەنگێندرێن.

ئامانجەکان نابێت ببنە قوربانیی ئامرازەکان. ئامرازەکان دەبێت خزمەتکاری ئامانجەکان بن، چونکە ئامانجی خەبات چەک نییە، ئامانجی خەبات پاراستنی مرۆڤ و ماف و ئازادییە.

مێژووی خەبات تەنیا مێژووی ئەوە نییە، کە کێ چەکی هەڵگرت، مێژووی ئەوەشە، کە کێ و کەی چەک هەڵبگرێت و کەی دایبنێت.

بۆ فەرماندەیەکی سەربازی دەستپێکردنی شەڕ دەتوانێت بڕیارێکی قورس بێت، بەڵام بڕیاری قورستر ئەوەیە، کە بزانێت کەی بەردەوامبوون لە شەڕ دەبێتە مەترسی لەسەر ئەو ئامانجەی بۆی شەڕی کردووە.

ئەمەیە جیاوازیی نێوان ئامراز و ئامانج. چەک و شەڕ و گفتوگۆ و ڕێککەوتن و دیپلۆماسی و یاسا ئامرازەن، بەڵام ماف و کەرامەت و ناسنامە و ئازادی ئامانجن.

کاتێک ئامراز خزمەتکاری ئامانج بێت، خەبات و بەرخودان بەردەوامیان دەبێت، بەڵام کاتێک ئامانج دەکرێتە قوربانیی ئامراز، ئەوا خەبات لە ڕێگەکەی خۆی لادەدات و بەرەو هەڵدێر و نسکۆ دەڕوات.

بۆیە قۆناغی نوێی ڕۆژاڤا نابێت قۆناغی کۆتایی خەبات بێت،بەڵکوو دەبێت قۆناغی گۆڕینی ئامرازی خەبات بێت:

لە جەنگەوە بۆ سیاسەت، لە چەکەوە بۆ یاسا، لە مەیدانەوە بۆ دامەزراوە، لە هێزی سەربازییەوە بۆ هێزی نەرم. بەڵام ناکرێت ئامانج بگۆڕدرێت، چونکە ئامراز گۆڕاوە. ئامراز دەبێت بگۆڕێت، بەڵام ئامانج دەبێت وەکوو خۆی بێت و بپارێزرێت. ئەرکی قۆناغی داهاتوو قورس و گرانە، چەسپاندنی ئەو مافانە لەناو دەستووری داهاتووی سووریا. لەو ڕوانگەیەوە، دەتوانرێت بڵێین مەزلووم عەبدی لە شۆڕشگێڕێکی ناو سەنگەری چەک و بەرگری و بەرخۆدان، بەرەو سەرکردەیەکی ئاشتیخواز و سیاسی و دیپلۆماسی هەنگاوی هەڵهێناوە، نەوەکوو بە گۆڕینی ئامانجەکان، بەڵکوو تەنیا گۆڕینی ئامرازەکانە بۆ ئامەنجە گەورەکە.